Patriotic Union of Kurdistan
Organizational Bureau
Foreign Council

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
مەکتەبی ڕێکخستن
ناوەندی دەرەوە
ڕێکخستنەکانی دەرەوە
کۆمیتەی ڕێکخستنی هۆڵەندا

بەروار: 04.07.2012
ژمارە : تایبەت

**بۆ بەڕێزان/ لە ناوەندی دەرەوەی ی.ن.ک و مەکتەبی ڕێکخستن**
**بابەت / سکاڵا**

**سڵاوی خەبات و تێکۆشان...**

**بەڕێزان.. لە سەرەتای دامەزراندنی ی.ن.ک, لە ساڵی 1975 دوای چەند مانگێک ڕێکخستنەکانی ی.ن.ک لە هۆڵەندا لەسەر دەستی چەند تێکۆشەرێکی دێرینی کوردایەتی خۆیان ڕاگەیاند و سەدان کارو چالاکییان ئەنجامدا، کە هەمیشە بەڕێزەوە لە کار و خەباتی ئەو بەڕێزانە دەڕوانین، بۆیە ناکرێت خەبات و خەرمانی 37 ساڵەی ی.ن.ک لە هۆڵەندا لە پێناوی مەرامی تایبەتی چەند کەسێکی خودپەرست بە فیرۆ بچێت!!!**

**بەڕێزان.. دوای ئاوارەبوونی ڕاپەڕینی ساڵی 1991ڕێژەیەکی زۆر لە کوردستانیان بەرە و هەندەران، زۆرێک لەوانە ڕوویان لە وڵاتی هۆڵەندا کرد، ڕێکخستنەکانی هۆڵەندا هەمیشە لە گەشەکردندا بووە، بەڵام لە ئەنجامی خودپەرستی هەندێک لە هەڤاڵان، لەم دوایەدا، ڕێکخستنەکان بەرەو پەرتەوازەیی و لێکترازان و تەکەتول و ناوچەگەرایەتی دەچوون، یەکی لەو هەڤاڵانەی دەمەوێ ئاماژەی پێبدەم هەڤاڵ ( شاخەوان سەعید)ە لە دەستپێکی کاری ڕێکخراوەیی لە تاراوگە لەسەر بنەمای تەکەتول هاتە نێو کایەی سیاسی لە هۆڵەندا، هەر لە کاتی مەڵبەندی پێشووەوە، لەو کاتە بەدواوە هەمیشە نێگەتیڤانە کاری کردووە، لە کاتی پێویست و تەنگەژەکان هاوکار و پشتیوانی ڕێکخستنەکان نەبووە، ئەوەندەی دژ بە هەڤاڵان و سیاسەتەکانی ی.ن.ک بووە، ئەوەندە بەرگریکارنەبووە لە ی.ن.ک!!! هەمیشە کاریگەری خراپی هەبووە لەسەر ڕێکخستنەکانی ی.ن.ک لە هۆڵەندا، بە (بەڵگە هەمووی پارێزراوە)، ئەو قەیرانەی، کە بەرۆکی ڕێکخستنەکانی یەکێتیی لە هۆڵەندا گرتبوو، هەڤاڵ شاخەوان کاراکتەرێکی سەرەکی و ڕۆڵێکی دیاری تێدا هەبووە، لەدوا هەڵبژاردنی ڕێکخستنەکانیی یەکێتی لە هۆڵەندا دەورێکی نیگەتیڤی گێرا، بە هۆی داوات و دانیشتنی نهێنی ماڵان و سەردانیکردنی کەرکوکیەکان و بەڵێن پێدانیان بۆ جێ بەجێ کردنی داخوازیەکانیان بە ناوی هەڤاڵانی سەرکردایەتی، هەڵوێست و باوەڕی زۆرێک لە دەنگدەرانی گۆڕی کە پشتگیری لە کاندیدێکی بێ ئەزموون و لاواز بکەن، تاکو هەمیشە لە ژێر ڕکێڤی خۆی بمێنێتەوە، مەرامەکانی خۆی جێبەجێ بکات، بەوەی قسەی هەڵبەستراو و تۆمەت بۆ هەڤاڵە دڵسۆزەکانی ی.ن.ک دروست دەکات!!!**

**بۆیە داخوازم لە بەڕێزتان لەسەر بنەمای ماددەی 11 ی پەیڕەوی ناوخۆی ی.ن.ک کە تایبەتە بە سزادان بەدواداچوون لێپێچینەوە لەو هەڤاڵە بکرێت، کە لە خاڵی سێ یەم و چوارەم و شەشەم ئاماژەی پێدراوە :...**

**3. کارکردن دژ بە سیاسەتی (ی.ن.ک) و هەوڵدان بۆ تێکدانی ڕیزەکانی.**
**4. بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بخاتە سەرووی بەرژەوەندیەکانی ی.ن.ک .**
**6. کارکردن دژ بە پاڵێوراوان و بەرنامەی ی.ن.ک لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا.**

**بۆیە بە پشت بەستن بەو خاڵانەی ئاماژەم پێداوە، پێویستە ئەو هەڤاڵە لێپێچینەوەیەکی حزبیانەی لەگەڵ بکرێت..**

**لە پێناوی یەکریزی یەکیتیی ناو یەکێتیی چاوەڕێی هەوڵ و هیممەتی بەڕێزتانین..**

**لەگەل ئەوپەڕی ڕێزماندا**
**دڵسۆزتان**
**م. عەونی خۆشناو**